# "ڕەفتارو مامەڵەی هەر کۆمەڵگایەك لەگەڵ منالاندا، گرنگترین پێوەری پێشکەوتوی و ئازادی بوونی ئەو کۆمەڵگایەیە"

**بەشێك لەدیداری سایتی ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ، شێرزاد فاتیح سەبارەت بەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان**

**کاروچالاکیەکانی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان زیاتر خۆی لەچ بواریکدا دەبینیتەوە؟**

شێرزاد فاتح: ئەگەر بۆ مێژووی سەرەتای دروست بوونی سەنتەری منالان بگەڕێینەوە ، ئەوا سەنتەری منالان نزیك بە **8** ساڵە پێك هاتووەو لەو ماوەیەدا خزمەتی گەورەو کاری زۆر باشی لە خزمەتی منالاندائەنجامداوە، من دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە لەکۆمەڵگایەکی پڕ لە کێشەی وەك کوردستان، و ناجێگیری و نائەمنی وەك عێراقدا کە پڕە لەکێشەو ڕۆژانە توندوتیژی و نەهامەتی ڕوولە منالان دەکەن، لە چاو زۆری کێشەکانی منالان ڕەنگە ئەو کارانە هێشتا لە ئاستی چارەسەری ڕێژەیەکی دیاریکراوی کێشەکانی منالاندا بێت. سەنتەری منالان لە ئێستادا لە ناوەوەی عێراق سێ نوسینگەی هەیە لە کوردستان _ سلێمانی ، و لە بەغداد لە ساڵی **2003** ەوە دامەزراوە ، جگەلە نوسینگەی سوید کە لە ساڵی **2002** ەوە دامەزراوەو نوسینگەی ئیتالیا کە لە ساڵی **2004** وە دامەزراوەو دەست بە کارن. بەرپرسی سەنتەری منالان لە ناوەوی عێراق ئازاد ئەحمەد، لە کوردستان ( کامەران لەتیف) ە، وە لە بەغداد ( ڕوئا محمەد)، لە کەرکوك (هەیسەم محمەد عەلی)یە، وە لە ئیتالیا ( بەهار حەمید)، وە هەروەها لە سویدو بە گشتی لەدەرەوەی وولات ( شێرزاد فاتح)ە، لە لە **2004/5/10**یشەوە ماڵپەری سەنتەری منالان دەست بەکارەو دەتوانن بەم ناونیشانە سەردانی بکەن **www.santarimnalan.com** . کارو چالاکییەکانی سەنتەری منالان دەکرێت بەدووبەش باسی بکەین، بەشی یەکەمیان لە کوردستان و عێراق ، وە بەشی دووەمیان لە دەرەوەی وولات: بەشی یەکەم لە کوردستان و عێراق من دەتوانم بە کورتی هەندێك لەو کارانە ڕیزبکەم:-

*- کردنەوەی پەناگای ئارام لەشارەکانی سلیمانی و بەغداد.. کەتیدا چەنیدین منالی بێسەرپەرشت ئەرکی بەخێو کردنیان لەئەستۆگیراوە. هەر لە بەغدادتوانرا نزیکە **2500** جوت پێڵاو، **1500** جانتاو دەفتەروقەڵەم، **1500** کارتۆن کە پێداویستی ڕۆژانەی خێزانی تێدابوو، بەسەر منالان و ماڵەکانی گەڕەکە هەژارەکان و ئۆردوگاکانی ناو شاری بەغداددا دابەش بکەین. وەلەشاری کفریش توانیومانە چەند منالێك بنیرین بۆچارەسەر بۆ تاران.

*- لەبواری ڕاگەیاندندا، دەرکردنی بڵاو کراوەیەکی مانگانە بەناوی دنیای منالان.. کردنەوەی پێشانگای تایبەت بۆ منالان ، لە پێناوی بردنەسەری ئاستی هونەری ووشیاری منالان و گێڕانی فێستیڤال بۆ منالان لە ڕۆژی جیهانی منالاندا.

*- لەبوواری پرۆژەسازی بۆخزمەتی منالان توانیومانە بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی سەنتەری ئۆلۆف پالمەی سویدی لە کەرکوك پرۆژەیەك بۆ منالانی چەندین قوتابخانە، ساوبدەین سەبارەت بە دیموکراسی، مافەکانی منالان، وە ڕۆڵی دیاکان و باوکان لە چۆنێتی پەرەوەدەکردنی منالان بە هاوکاری لەگەڵ مامۆستایان و بەگشتی لەگەڵ قوتابخانەدا، ئەم شێوازی فێرکردنە لە شێوەی گروپ و سیستەمی سویدی بەڕێوە دەچێت و بۆماوەی ساڵی **2007** بەردەوام دەبێت. ئەمە جگەلە پرۆژەی فێربوونی کۆمپیوتەر بۆ منالانی کوردستان، کە لە خورماڵ بەڕێوەدەچێت و ئێستا پرۆژەکە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی جێبەجێکردن و دەستپێکردنیدایە. وهەروەها پرۆژەی مۆنۆمێنتی ئاشتی،ئەم پرۆژەیە بە هاوکاری ڕێکخراوێکی یابانی بەڕێوە دەچێت و چەندین چالاکی جۆراو جۆر لە خۆدەگرێ ، لەوانە پێشانگای شێوەکاری منالان، ئاهەنگی گۆرانی و چەندین چالاکی جۆراو جۆری تر.

بەشی دووەم چالاکییەکانی سەنتەری منالان لە سوید، رووی لەجالیە کوردی و عەرەبییە لەم وولاتەدا و لەسەر ئەم کێشانە یەخەی دەسەلات دەگرین و بەرپرسیان دەکەین لە بوونی ئەو کێشانە. بۆ نموونە لە نێو خێزانی پەناهەندەدا، لێدان و سوکایەتی کردن بەمنالان بوونی هەیەو وەك کولتورێکی ئیفلیج و دواکەوتوو لەگەڵ خۆدا هێناویانە. بنونمونە خەتەنەی منالان (کچ) لە ساڵی **1990** بەدواوە لە وڵاتی سوید دا قەدەغە کراوە، بەڵام خێزانی کوردو عەرەب نەك تەنها عێراقی بەڵکو هی وولاتانی تریش وە تایبەتی ئەوانەی کە موسڵمانن. زۆرجار کچەکانیان دەنێرنەوە بۆ وولاتانی ئەسڵی خۆیان بۆ خەتەنە کردن، یان بەزۆر بە شودان، وەئێمەش بەتوندی لە دژی ئەمە دیاردەیە وەستاوین و بۆ ئەم پرۆژەیەش کچە پاشای سوید کۆمەکی کردوین. لایەکی‌تری کارمان مەسەلەی ئاوێتەبوونە یانی ئەوەی کە بە سویدی پێی دەڵێن **integration**زۆرێك لەو خێزانانەی کە لێرە دەژین و لە وولاتانی جیاجیای دنیاوە وە بەتایبەتیش لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون، ئامادەنین کە منالەکانیان هیچ داب و نەریتێکی ئەم کۆمەڵگایە قبوڵ بکەن و پراکتیکی بکەن، منالانێك کە هیچ خەبەرێکیان لە کولتور و داب و نەریتی خێزانی باوك و دایك ، یان خێزانی وولاتانی ڕۆژهەلاتی نییە، دەبێت بەزۆر مل بدەن بەو داب ونەریتە. هەربۆیە لەنێوان دوو دنیای جیاوازو دور لەیەکدا منالان

ژیان دەکەن. سەقەتی و خەتەری ئەمەش لەوە دایە کە لە ناو ئەو خێزانە ڕۆژهەڵاتیانە منالآن وا ڕادەهێنرێن کە هەموو شتێکی ناو ئەو کۆمەڵگا پێشکەوتووە، خراپە، حەرامە، قەدەغەیە...چی و چی تر. بەم پێیە زۆرێك لە منالآن سەریان لێدەشێوێت و نازانن چی بکەن، لە نێو کۆمەڵگای ئەوروپا ، لە قوتابخانە، لە نێو ڕەفیقەکانیان شتێك فێر دەبن و لە ماڵەوەش شتێکی تەواو پێچەوانەی ئەوە، ئەمەش منالآن توشی گۆشەگیری ،تاك کەوتنەوە و دورەپەرێزی دەکات، وە دەیان جاریش کارەساتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە کاتێك منالآن و لاوان بەپێی عەقڵێك هەڵس و کەوت ناکەن کە پێیان وایە زۆر دواکەوتووانەیەو دژی ویست و ئارەزووەکانی دنیای لاوی ئەوانە. نامەوێت بچمە نێو ووردەکاری ئەم باسەوە، بەهەرحاڵ ئێمە زۆر جار هەڵدەسین بە هاوکاری کردنی زۆرێك لەو منالآنەی کە خێزانەکیان نایەڵن بەشداری چالاکییەجۆراو جۆرەکانی نێو قوتابخانەو کۆمەڵگا بکەن، بۆ نموونە نایەڵن بەشداری جومناستیك، کۆرسی مەلە کردن و مۆسیقا و چەندین چالآکی تر بکەن، ئێمە دەوراتی تایبەتیان بۆ دەکەینەوە کە تەنها بۆ منالە کچەکان بێت و بۆ ئەوەی بێبەش نەبن، بەڵام لە هەمان کاتدا لەسەر خێزانەکەیان کار دەکەین کە منالەکانیان لە هەمووشت بێبەش نەکەن، تا لە کۆمەڵگادا گۆشەگیر نەبن و هەست بە کەمی و دورە پەرێزی نەکەن. هەربۆنموونە لەسەرەتای ساڵی **2007**دا و بۆماوەی نزیك بە دوومانگ ، خولێکی فێرکردنی مەلەمان هەبوو بۆ **9** کچی گەنج کە تەمەنیان لە نێوان **14-17** ساڵدا بوون ، بەهاوکاری لەگەڵ قوتئەمەش بەشێکە لەو هەوڵەی کە بەگەڕمانخستووە لە پێناوی نزیك کردنەوەی منالآن لە کۆمەڵگا تا وەك منالآنی تر بن و تێکەڵاوی یەکتر بن. گاڵتە پێکردن بە منالآن و لاوان، وە شکاندن و کەسایەتی و هەست و سۆزییان. ئەم لەنێو قوتابخانەکانی سویدا کێشەیەکی هەموو ڕۆژەیە، جگە لەوەی کە لە نێو منالآنی سویدیدا ئەمە بۆخۆی کێشەیەکی گەورەیە، لە نێوان منالآنی شارو لادێ ، یان چەندین شێوەی تر. لە نێوان منالآنی پەناهەندەو سویدیشدا کێشەیەکی هەموو ڕۆژەیە، بۆنموونە تەنها لەبەر ئەوەی سەری ڕەشە، ڕەنگی پێستی جیاوازە یان ناوی عەلی و ئەحمەد و محەمەد و چی و چییە. یەکێك لە کارەکانی ئێمە ئەوەیە کە چۆن و بەچ شێوەیەك بتوانین ئەم کێشەیە کەم بکەینەوە و ڕێگری دروست بکەین لە ڕوودانی، بۆ ئەمەش شێوازو ئسلوبی خۆمانمان هەیە بۆ چۆنێتی چارەسەر کردنی. وە بۆ ساڵی **2007** ئەمە یەکێکە لە کارەکانمان. لەبەرمبەر ئەم وەزعیەتانەدا ئیمە تائیستا چەندین چالاکی جۆراو جۆرمان سازداوە لەوانە بەستنی کۆنفرانس و کۆرو سمینار و ڤیستفال..

**دەکرێت کەمیك لەبارەی ئامانجەکانی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان بکەن؟**

وەڵام: شێرزاد فاتح: وەك پێشتر ووتم جێگەو ڕێگەی منالآن لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەرخستنی ئاستی ووشیاری، پێشکەوتووی و ئازادی بوونی ئەو کۆمەڵگایە بەیان دەکات، ئاواتەکانی سەنتەری منالآن، دنیایەکی ئازاد و پڕئاڵاو واڵایە بۆ منالآن، دنیایەك کە منالآن تێیدا بەئاسودەیی وئارامی بژین. دنیایەك کە ئیتر منالآن ناچار بەکارکردن، برسێتی ، وازهێنان لە خوێندن، دورخستنەوە لە دنیای منالی خۆیان نەکرێن. دنیایەك کە منالآن خەبەرێکیان لە لێدان، سوکایەتی و تەندو تیژی نەبێت. سەنتەری منالآن دەخوازێ لە کوردستان و عێراق، یاسایەك هەبێت تایبەت بێت بەمنالآن، لەم یاسایەدا بە ڕاشکاوانە ڕابگەیەندرێت کە هەرجۆرە توندتیژییەك لەدژی منالآن وەك تاوان چاوی لێدەکرێت و دەبێت پرسینەوەو دادگا هەبێت بۆ ئەم مەبەستە، بەجۆرێك کە ئیتر منالآن وەك نەفام و نەزان چاویان لێنەکرێت، بە بڕوای من منالآن تواناو هەست و ئیدراکی تایبەتی خۆیان هەیەو بە بەراورد لەگەڵ تەمەنیان هیچ گرفتێکی هەست و هۆشیان نییە، ئەوەی کە منالآن لە گەورەیەك جیاجیان دەکاتەوە تەنها شارەزایی و تەجرەبەی ژیانەو هیچی تر، وە هیچ کات دروست نییەکە منالآن بە نەفام و نەزان ناوبرێ. سەنتەری منالآن دەخوازێ، پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن بگۆڕدرێت بۆ پرۆسەیەکی عەلمانی وپێشکەوتنخواز، وە بەتەواوی لە هەرجۆرە ئاسەواری ئاینی، پیاوسالاری، جیاوازی نێوان کچان و کوڕان، جیاوزای نێوان نەتەوەکان و نەتەوەپەرستی و هەرجۆرە کۆنەپەرستییەك پاك بکرێتەوە.

سەنتەری منالآن دەخوازێ لە هەموو گەڕەکێك پارکی خۆش و شوێنی تایبەت بۆ یاری و سەرحاڵی منالآن هەبێت، ئێمە خوازیارین کە کاتی دەوامی منالآن درێژ ببکرێتەوەو لە قوتابخانەدا گرنگی تایبەت بە بەخێوکردنی منالآن بدرێت، هەر لە قوتابخانەدا لانی کەم ژەمێکی خواردن و دوو نێوان ژەم خواردن هەبێت بۆ منالآن، هەروەها لە قوتابخانەکاندا پێویستە وانەکانی مۆزیك، هونەر و وەرزش بەگشتی گرنگی تایبەتی پێبدرێت و لە هیچ وانەیەکی تر کەمتر نەبێت، ئەمە لە لایەك منالآن چوست و چالاك و لەش ساغ دەکات و لە لایەکی ترەوە ئاوات و ئارەزووەکانی منالآن وەدەردەخات و ئاستی تواناییان دەباتە سەرەوە.

ئەوانەی باسم ئەوانە بەشێکی سەرەکین لە ئاواتەکانی سەنتەری منالآن، وە ئاواتی ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردستان و عێراق ببێت بەوکۆمەڵگایەی کە لەسەر بنەمای باش بوونی ژیان و گوزەرانی منالآن و پێشکەوتوویان، چاوی لێبکرێت و ڕاددەی ئازادی بوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بخەملێندرێت بکرێت.

**ئایا تاچەند لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەلاتدارەوە(یەیکتی وپارتی) هاوکاریتان دەکرێت بۆ بەدەستهینانی ئامانجەکانی سەنتەرەکەتان؟**

شێرزاد فاتح: وەك حیزبەکانی یەکیتی وپارتی ئیمە هیچ کۆمەکیك نەکراوین، بەلام لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە(ئیدارەی سلیمانی) تەنها کرێی نوسینگەی سلێمانیمان(کە ئێمە **3** نوسینگەمان لە عێراق و کوردستان هەیە) بۆ ماوەی چەند ساڵە دەبیت بۆدراوە، ئەویش بە بەردەوامی نەبووەو زۆر جار بۆ چەند مانگ

بڕاوە، وە بۆ یەکەمین جارە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان"ئیدارەی یەکگرتوو" هاوکاری پرۆژەیەکمان بکات، کە ئەویش پرۆژەی خورماڵەو تێچوونەکەی زۆر کەمە.